# پاراستنی سەلامەتی منداڵان لەسەر ئینتەرنێت

## نیشانەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی بناسە:

- گۆڕانکاری لەناکاو لە مەزاج، نهێنی بوون، یان گۆشەگیری لە خێزان و هاوڕێ.
- خۆ لادان لەو چالاکییانەی کە پێشتر چێژیان لێ دەدیت.
- بەسەربردنی کاتێکی لەڕادەبەدەر زیاتر یان زۆر کەمتر لە جاران لەسەر ئینتەرنێت (گۆڕانکاری بەرچاو لەکات بەسەربردن لەسەر ئینتەرنێت).
- دابەزینی ئاست لە خوێندن.

سالانە بەلایەنی کەمەوە (٣٠٠) ملیۆن منداڵ ڕووبەڕووی بەدمامەڵە و بەدقۆستنەوەی سێکسی ئۆنلاین دەبنەوە

دەکرێت ئەوەی لەسەر ئێنتەرنێت ڕوودەدات دەرەنجامی ڕاستەقینەی لە ژیانی واقیعیدا لێ بکەوێتەوە. دەکرێت گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی سەرەتایی هاوکار بێت لە پاراستنی خۆت و خێزانەکەت.

*ڕێکخراوی چایڵدلایت ٢٠٢٤

## دەکرێت توندوتیژی ئەلیکترۆنی لەسەر هەر ئامێرێک و لەسەر چەندەها پلاتفۆرمی ئۆنلاین ڕووبدات.

### 1 ڕێنمایی ڕوون بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت دابنێ

- سنوور دابنێ تەنانەت بۆ ژمارەی بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کە سەلامەتیشن بۆ بەکارهێنان، چاودێری ئەوە بکە کە منداڵەکە چەند کات لەسەر ئینتەرنێت بەسەر بەرێت ، و هەڵسوکەوتی بەڕێز دەپارێزێت.
- بەشداری بە منداڵەکانت بکە لە دانانی ڕێنمای، ئەمە وادەکات ڕێز لە ڕێنماییەکان بگرن و جێبەجێیان بکەن.
- زوو زوو پێداچوونەوە بەسەر ئەم ڕێنماییانە بکەوە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکەت، لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات.

### 2 فێرکردنی تایبەتمەندی و هۆشیاری ئەلیکترۆنی

- منداڵ فێر بکە هاوبەشکردنی زانیاریی کەسی چەند مەترسیدارە.
- هانی منداڵ بدە ئاگاداری کەسانی نامو و بەستەری گوماناوی بێت
- هاوکار بە بۆ ئەوەی منداڵ گوومان لەو ئۆفەر و پەیامانە بکات کە زۆر جوان و باش دەردەکەون.

### 3 پەیوەندی کراوە بپارێزە

- بەردەوام لەگەڵ منداڵەکەت بدوێ سەبارەت بە چالاکییەکانی لەسەر ئینتەرنێت و ئاخۆ هیچ بەربەستێک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
- هانیان بدە بەدوای هاوکاری بگەڕێن ئەگەر شتێک نارەحەتی کردن بە ئۆنلاین.
- ببە بە نموونەیەکی ڕەفتاری ئەرێنی و ڕێز لە تایبەتمەندی کەسانی دیکە بگرە.

### 4 سکیوریتی (Security) پتەو بکە

- منداڵەکەت فێر بکە پاسوردی بەهێز و بێوێنە دابنێت و بە نهێنی بیپارێزێت.
- هانی بدە پاسوردی جودا بۆ هەژماری جودا بەکار بێنێت و پاسوردی دوو-فاکتەری کارا بکات.
- بەئاگا بە سەبارەت بە ئاپی نوێ و هەڕەشە نوێیەکانی سەر ئینتەرنێت بۆ پاراستنی سەلامەتی دیجیتاڵی.

### 5 مۆڵەت و ڕەزامەندی پێشوەختە پەیڕەو بکە

- پێش ئەوەی وێنە و ڤیدیۆی منداڵ بگریت یان هاوبەشی بکەیت لەسەر ئینتەرنێت، داوای مۆڵەت لە منداڵ و لە دایبابانیان بکە.

کێ لە پشتی توندوتیژی ئەلیکترۆنییە؟ تەنها کەسانێک نین کە نایانناسین! دەکرێت برادەر و هاوپۆل و تەنانەت کەسانی جێگای متمانە ببنە مایەی مەترسی.

ئەم بەرهەمە بە پاڵپشتی دارایی پرۆگرامی سەلامەتی ئۆنڵاین (Safe Online) بەرهەم هاتووە. بەڵام ئەو ئامۆژگارییانەی لەسەرەوە باسکران تایبەتن بە [ڕێکخراوەکەت] و مەرج نییە گوزارشت لە پرۆگرامی سەلامەتی ئۆنڵاین بکەن.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ماڵپەڕی seedkurdistan.org بکە.